


فەتح عەلی شا (١٧٩٨-١٨٣٤ز)

سەر ئێران زیاتر بووە، بەتایبەتی دوای درەوشانەوەی ناپلیۆن و دەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆی ئێرانەوە.

لەسەردەمی ئەمدا شەڕی (١٨٠٤-١٨١٣ز)ی نێوان ئێران و رووسیا روویداوە، کە سوپای ئێران لە بەرامبەر هێزەکانی رووسیادا تێکشکا و خاکێکی زۆری ئێران کەوتە ژێر چنگی رووسیا و دواییش بەرێککەوتننامەی (گوڵستان ١٨١٣ز) دوایی پێهێنرا. لە بەرامبەر ئەم زیان و تێکشکانەدا، ئێران پێی وابوو دەتوانێ قەرەبووی بەوە بکاتەوە، کە هەندێ خاکی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی بگرێتەوە [١١].

لەمەشدا بەشێک لەو خەونانەی ئێران، قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانی دەگرتەوە، بۆیە لەم سەردەمەدا، ئێران زۆر بە بەربڵاویی دەستی لە کاروباری ناوخۆی بابان وەردەدا و پێوەندی و دۆستایەتی خۆی لە رێگەی محەمەد عەلی میرزا و لەگەڵ میران و سەرانی باباندا زۆرتر دەکرد.

ئەم دەستێوەردانانەی دەرباری قاجاری، لە کاروباری ناوخۆی میرنشینی بابان، دەوڵەتی عوسمانی ناچارکرد، نوێنەرێکی خۆی (عەبدولوەهاب ئەفەندی) لە

١١- نصیری- دکتر محمد رضا- اسناد و مکاتبات تاریخی ایران- قاجاریە-جلد (١)-ص ٢٧ (مقدمە).



(١٨١١/٥/٢٢) دا، بگەیەنێتە تاران و دیدەنی فەتح علی شا بکات و داوای لێبکات: دەستبەرداری کاروباری ناوخۆی میرنشینی بابان بن.[١٢]

هەرچەندە ئەوڕەحمان پاشای بابان لەم کاتەدا و بەتایبەتیش لە سەرەتای (١٨٠٠ز) بەدواوە، خەونی گەورەی سەربەخۆیی و فراوانخوازیی قەڵەمڕەوی بابانی لەسەردابووە و لەم پێناوەشدا سەرەڕای ئەوەی پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ فەتح عەلی شا و محەمەد عەلی میرزای فرمانڕەوای کرماشاندا بەهێز بووە، بەڵام زۆرجار لە پێناوی ئەم بەرنامانەیدا، سەرپێچیی هەردوو دەسەڵاتی قاجاری و عوسمانیشی کردووە[١٣]. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی چ سەرانی قاجار و چ سەرانی عوسمانی، لە دژی ئەوڕەحمان پاشا، برا و برازا و خزم و مامەکانی خۆی لێ قوت بکەنەوە و سەرئێشە و گێچەڵی زۆر بۆ ئەوڕەحمان پاشا و میرنشینی بابان دروست بکەن.

بۆ رێگریش لە خەون و فراوانخوازیی میرانی بابان، بەردەوام لای دەرباری قاجارەوە، داوای بارمتە لە ئەوڕەحمان پاشا کراوە و تا خۆی مابوو، مەحموود پاشای کوڕی، ماوەیەکی ئەوەندە زۆر لە کرماشان لە بارمتەدا بووە، هەر لەوێ لەلایەن فەتح عەلی شاوە، ژنی بۆ خوازراوە و منداڵیشی لەو ژنە بووە. بەڵام دوای مەرگی باوکی لە (١٨١٣ز)دا، گەڕاوەتەوە سلێمانی و بۆتە میری بابان، کەچی وەک نیشانەی ناو بەڵگەنامەکان دەری دەخەن، دەرباری قاجاری، دەستیان بەسەر ژن و کوڕەکەیدا گرتووە و وەک دەستبەسەر و بارمتە گلیان داونەتەوە و چاوەنواڕی ئەوە بوون مەحموود پاشا تکای ناردنەوەیان بکات و لە بەرامبەر تکاکەیدا، داوای شتی تری لێبکەن، بەڵام کە مەحموود پاشا گوێی نەداوەتە ئەم گوشارە و داوای ژن و کوڕەکەی لە دەرباری قاجاری نەکردۆتەوە؛ ئەوسا دەرباری قاجاری نامەی کردۆتە سەر کاربەدەستانی عوسمانی و داوایان لێدەکەن گوشار بۆ مەحموود پاشا ببەن، بەڵکو بارمتەی تر بۆ ئێران بنێرێت[١٤].

جگە لەمەش لە سالآنی (١٨٢٠ز) بەدواوە، هاوکاریی قاجاری و عوسمانی، لەدژی فراوانخوازییەکانی میری سۆران، لەوپەڕی تەبایی و چالاکیدا بووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە رێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم (١٨٢٣ز)ی نێوان دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، کارێکی شێوە ئابڵوقەدان و دەست نانەبینی میرنشینەکانی بابان و سۆران لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بۆ رێگریی بووە لە دەستێوەردانی ئێران، لە کاروباری ناوخۆی

١٢- هەمان سەرچاوە- ص ٢٥ (مقدمە).
١٣- لە دوای مەرگی ئەوڕەحمان پاشا، ئەم خەونە لای (محەمەد پاشای سۆران)ەوە کاری بۆ دەکرا.
١٤- بنواڕە: بەڵگەنامەی ژمارە (١١١).